# غەیبەت کردن و شکاندنەوەی زانایان و پیاو چاکان و شوێنەوارە خراپەکانی

ئامادەکردنی: مامۆستا شاخەوان

## بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحيمِ

الحَمْدُ لِلَّهِ نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا مَنْ يَهْدِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هادِيَ لَهُ وأَشْهَدُ أَنْ لا إِلهَ إِلاَّ اللَّهُ وأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. أَمَّا بَعْدُ ... فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

موسڵمانی خۆشەویست زانایان ئەو کەسانەن کە خوای پەروەردگار دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۝٩﴾ الزمر: ٩ واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ: ئایا کەسانی زاناو شارەزا یەکسانن لەگەڵ کەسانی نەزان و نەشارەزا؟ (لە ڕووی پلە بەرزی و چاوڕۆشنی و خێرو پاداشتەوە)، بێگومان نەخێر.

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ ۝٢٨﴾ فاطر: ٢٨ واتا: بەڕاستی ئەوانەی کە زۆرو بەڕاستی لە خوای پەروەردگار دەترسن تەنها زانایانن.

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِى ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ ۝٥٩﴾ النساء: ٥٩ واتا: ئەی ئیمانداران گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی و (ﷺ) کاربەدەستانتان بکەن (کاربەدەستی موسڵمان).

مەبەست بە (وَأُوْلِى ٱلْأَمْرِ) زانایانن، هەروەك هەندێك لە كەسانی خاوەن عیلم وایان فەرمووە، وە هەندێك لە موفەسیرین دەفەرموون، وَأُوْلِى ٱلْأَمْرِ: کاربەدەستان و زانایانن [1].

بەهەرحاڵ بەمەبەست (وَأُوْلِى ٱلْأَمْرِ) هەرکامیان بن هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت، چونکە کاری زانایان بریتییە لە ڕوون کردنەوەی شەرعی خوای پەروەردگار و بانگ کردنی خەڵکی بۆ جێبەجێ کردنی، وە ئەرك و کاری کاربەدەستانیش بریتیە لە جێبەجێ کردنی حوکمی خوای پەروەردگار، وە خەڵك پەیوەست کردن پێیەوە [2].

---

(1) بڕوانە: كتاب لحوم العلمآء مسمومة، د. ناصر العمر ص ٤.

(2) بڕوانە: كتاب العلم لإبن العثيمين ص ١٩.

**ئەگەر زانایەك ئیجتیهادی کرد لە مەسەلەیەك لە مەسەلەکانی شەرعدا، بەڵام نەیپێکا لەو کاتەدا بەچی حوکمی دەدرێ بەسەردا؟**

زانایەك کاتێك ئیجتیهاد دەکات لە مەسەلەیەکی شەرعدا هەندێ جار حوکمەکەی ڕاستەو پێکاویەتی، وە هەندێ جار بە هەڵەدا چووە و نەیپێکاوە، لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە هاوەڵی بەڕێز بُرَیدة (ﷺ) لە پێغەمبەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فَأَرَادُوك أَنْ تُنْزِلَهُمْ عَلَى حُكْمِ اللَّه فَلَا تُنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِ اللَّه، وَلَكِنْ أَنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمك، فَإِنَّك لَا تَدْرِي أَتُصِيبُ حُكْم اللَّه فِيهِمْ أَمْ لَا)[٣] واتا: هەرکاتێك تۆ دەوری خەڵکی قەڵایەکت گرت، داوایان لێ دەکردیت و دەیان ویست حوکمی خوای پەروەردگاریان بەسەردا جێبەجێ بکەیت، ئەوە تۆ حوکمی خوایان بەسەردا مەسەپێنە، بەڵکو بە حوکمی خۆت حوکم لە نێوانیاندا بکە، چونکە تۆ نازانی (ئەگەر حوکمی خوایان بەسەردا بسەپێنیت) حوکمی خوای پەروەردگارت پێکاوەیان نا، (واتا: کاتێك دەتەوێت حوکمی خوای پەروەردگار لەناویاندا جێبەجێ بکەیت دڵنیا نیت لەوەی کە وەحی دابەزێ بۆم بە پێچەوانەی ئەو حوکمەی کە تۆ کردووتە، بەڵام ئەمە دوای مردنی پێغەمبەر (ﷺ) نەماوە، چونکە شەرع کامڵ و تەواو بووە).

بۆیە ئەگەر زانایەك ئیجتیهادی کردو پێکای ئەوە دوو خێری بۆ دەنوسرێت (خێری ئیجتیهادو ماندوو بوون و خێری پێکانی حەقەکەی)، بەڵام ئەگەر هەڵەی کردوو نەیپێکا ئەوە خێری ماندوو بوون و ئیجتیهادەکەی بۆ دەنوسرێت.

**ئایا دەتوانین بڵێین کەسی موجتەهید حەقی پێکاوە ئەگەر هەڵەش بکات؟**

وەڵام: بێ گومان هەموو موجتەهیدێك لەسەر حەقە لە ڕووی ئیجتیهادەکەیەوە، بەڵام لە ڕووی پێکان و دەرخستی حەق هەندێ جار لەسەر حەقەو پێکاویەتی، هەندێ جاریش نەیپێکاوەو بەهەڵەدا چووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمودەی پێغەمبەرە (ﷺ) کە دەفەرموێت: (إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ)[٤] واتا: ئەگەر حاکمێك (زانایەك) ویستی حوکمی خوای پەروەردگار جێبەجێ بکات ئیجتیهادی کرد (زانست و بۆ چون و توانای خۆی خستە کار)، ئەگەر حەق و ڕاستی پێکا لەو ئیجتیهادەی کە دەیکات ئەوە دوو جار پاداشتی هەیەو خێری بۆ دەنوسرێت (خێری ئیجتیهادو ماندوو بوون و خێری پێکانی حەقەکەی)، وە ئەگەر ئیجتیهادی کرد بۆ دۆزینەوە و جێبەجێ کردنی حوکمی خوای پەروەردگار، بەڵام هەڵەی کردوو نەیپێکا ئەوە خێری ماندوو بوون و ئیجتیهادەکەی بۆ دەنوسرێت.

دابەش کردنی ئیجتیهادی زانایان بەم شێوەیە ڕوون و ئاشکرایە، وە ڕوکەشی فەرمودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بنچینەو لقەکانی شەرع دەگرێتەوە، چونکە دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی

---

(٣) **بڕوانە**: شرح النووي على مسلم (ج ٦ / ص ١٦٩).

(٤) رواه البخاري (٧٣٥٢) ومسلم (٤٥٨٤).

پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە خوای پەروەردگار بارگرانی ناکاتە سەر شانی بەندەکانی لە کاتێکدا توانایان نەبێت، بەڵام ئەو هەڵەیەی کە پێچەوانەی یەکدەنگی زانایانە هەر هەڵەیە ئەگەر بۆ چون و ئیجتیهادی زانایانیش بێت، چونکە ناشێت و ناگونجێت کە زانایان و شارەزایانی سەلەف بە هەڵدا چوبێتن، بەڵام ئەم زانایە بە تەنها پێکا بێتی لەسەر حەق بێت.

**ووتەی ئەو کەسانەی کە هەڵەی زانایان دەکەنە ڕێگەیەك بۆ شکاندنەوە و دابەزینە سەریان، وە بوهتان کردن بۆیان:**

بێگومان زانایان هەڵە دەکەن و حەقیش دەپێکن، هیچ یەکێك لەوان پارێزراو نەبوونە لە هەڵەو تاوان، بۆیە دروست نییە بۆ ئێمەی موسڵمان هەڵەی زانایان بکەینە پەیژەیەك و بکەوینە تانەو تەشەرە لێدانیان، چونکە سروشتی هەموو مرۆڤێك وایە کە هەڵەی لێ دەوەشێتەوە، بۆیە کاتێك شتێك دەبیستین لەسەر زانایەك، بانگەوازکارێك، یان مامۆستاو وتاربێژێکی مزگەوت پێویستە پەیوەندی پێوە بکەین تا ئەو شتەمان بۆ ڕوون ببێتەوە، چونکە جاری واهەیە ئەو شتە بە هەڵە گێڕدراوەتەوە، یان تێگەیشتن لەو ووتەیە بە هەڵە بووە، یان کەسانێك کاتێك شتێك لەسەر زانایەك دەڵێن مەبەستیان شکاندنەوەو ناو زڕاندنیەتی.

بەڕاستی ئەم کارە بەڵایەکی زۆر بەربڵاوە و فیتنەیەکی سەرلێتێکدەرە کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی سێبەری دین و پارچەپارچە کردنی کۆمەڵی موسڵمانان و چاندنی ڕق و کینە لە نێوانیاندا، وە کەم کردنی ڕێزی هەڵگرانی لە چاوی خەڵکیدا، وە دەبێتە مایەی ڕەت کردنەوەو ئینکاری کردن لە حەق.

بۆیە پێویستە لەسەر گەنجان و جگە لەوانیش کاتێك شتێکی وا دەبیستن زمانیان بگرنەوە، وە هەستن بە ئامۆژگاری و پەیوەندی کردن بەو کەسانەی کە ئەو شتەیان لەسەرە تا تەواو ئەو شتە ڕوون دەبێتەوە.

وە قسە کردن لە دانیشتگاکاندا بە تایبەتی دانیشتگا گشتیەکان، بۆ نمونە تیایدا بوترێت: چی دەڵێیت بەرامبەر فلانەکەس؟ ئەی چی دەڵێیت بەرامبەر فلانەکەس کە دژی خەڵکی قسەدەکات و واو وایە؟ بەڕاستی ئەمە کارێکە بە هیچ شێوەیەك پێویست ناکات بووروژێنرێت لەبەر ئەوەی فیتنەو ئاشوبی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە موسڵمان زمانی بگرێتەوەو بیپارێزێت، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) بە مُعاذی فەرمووو: (أَلا أُخْبِرُكَ بِمِلاكِ ذَلِكَ؟"، قُلْتُ: بَلَى، يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: فَأَخَذَ بِلِسَانِهِ، فَقَالَ:"اكْفُفْ عَلَيْكَ هَذَا"، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ؟ قَالَ:"ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ يَا مُعَاذُ، وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ عَلَى وُجُوهِهِمْ أَوْ قَالَ: مَنَاخِرِهِمْ فِي النَّارِ إِلا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ؟)[٥] **واتا: ئەی مُعاذ ئایا هەواڵت پێ بدەم بە کۆکەرەوەی ئەم هەموو خێرو چاکەیە؟ ووتم بەڵێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ)، مُعاذ دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) زمانی خۆی گرتوو فەرموی: ئا ئەمە بگرەو ئاگاداری بە، منیش ووتم**

---

([٥]) رواه أحمد (٢٢٦٦٥) والترمذي (٢٨٢٥) وإبن ماجه (٤١٠٨)، وصححه العلاّمة الألباني في "صحيح جامع الصغير" (٥١٣٦).

ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئێمە لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکرێت لەسەر ئەو قسانەی کە دەیکەین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی لەبار دایکت بچی (سەرزەنشت کردنە نەك دوعای بەڕاستی بێت) ئەی مُعاذ، ئایا خەڵکی بەسەر دەم و چاوو ڕوویاندا ڕادەکێشرێن لە ناو ئاگری دۆزەخدا تەنها بە هۆی دروێنەی زمانیانەوەیە نییە.

## شکاندنەوە و لەکەدار کردن و بوهتان کردن بۆ زانایان و پیاوچاکان

بزانە برای موسوڵمان کە باس کردن و غەیبەت کردنی زانایان وپیاوچاکان وەکو غەیبەت کردنی کەسانی سادە و نەشارەزا نییە، چونکە ئەگەر تۆ غەیبەتی خەڵکی ئاسایی و سادە بکەیت تەنها خراپەت بەرامبەر خودی ئەو کەسە کردووە، بەڵام ئەگەر تۆ باسی زانایان وپیاوچاکان بکەیت، ئەوە خراپەت بەرامبەر خۆی کردووە وە سەرجەم موسوڵمانی تر، وە خراپەت بەرامبەر ئەو عیلم وزانیاری و شەرعە کردووە کە لایەتی و شارەزایە تێیدا، بەڵی کاتێك باسی زانایەکی شارەزا لە شەرع دەکەیت بە خراپە و غەیبەتی دەکەیت (کە پێی دەچێت واش نەبێت) لە بەر چاوی خەڵکی دەخەیت و سوکی دەکەیت، ئەو خەڵکەش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ناکەن و قسەی لێ وەرناگرن بەڵکو بگرە بۆ پرسیارو وەرگرتنی فەتواش ناگەڕێنەوە لای، وە هەندێ جار ئەوەشی خەڵکی گوێی لێدەگرێت و پرسیاری لێ دەکات گومانی تێیدایە، چونکە تۆی موسوڵمان بە خراپە باست کردووەو غەیبەتت کردووە، ئەو کاتە تاوانێکی گەورەت بەرامبەر شەریعەت ئەنجام داوە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە زانایان بۆچونی ڕاست و هەڵەشیان هەیە وە هیچ کەس لە وان و لە ئێمەش بێ کەم و کوڕی و بێ هەڵەو بێ تاوان نییە، بۆیە نابێت و دروست نیە ئێمە هەڵەی زانایان بکەینە ڕێخۆش کەرێك بۆ غەیبەت کردن و کەم کردنەوەی زانیاری و شان و شەوکەتیان، لەبەرئەوەی لە سروشتی هەموو مرۆڤێکە کە کەم و کوڕی و هەڵەی هەبێت، بۆیە پێویستە لە سەرمان هەرکاتێك هەڵەیەك لە زانایەك یان بانگەواز کارێك یان پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتێك بینی نەکەوینە باس کردن و غەیبەت کردنیان بەڵکو پەیوەندی پێوە بکەین تا ئەو هەڵەیەمان بۆ ڕون ببێتەوە ، چونکە جاری وا هەیە کاتێك کەسێك شتێکت بۆ دەگێڕێتەوە لە فلان کەسەوە بەهەڵە بۆت دەگێڕێتەوە، یان لەو قسەیەی کە بۆتۆی دەگێڕێتەوە جوان لێی تێنەگەیشتووە، یان جاری واهەیە ئەو کەسەی قسەکەت بۆ نییەتی خراپەو مەبەستی شکاندنەوە و ناشرین کردنی ئەو زاناو مامۆستاو وتار بێژەیە.

بۆیە داواکارم لە گەنجانی تازە پێگەیشتوو و فێرخوازانی زانستی شەرعی لە خوای گەورە بترسن و باس کردنی زانایان نەکەنە کاغەزێکی سپی چۆن بیانەوێت هەڵی بدەنەوەو لەسەری بنوسن، بەهەوەسی خۆیان باسی ئەم زاناو ئەو زانا بکەن و قسەیان لەسەر بکەن، تو خوا گەر غەیبەت کردنی خەڵکی تاوانێکی گەورە بێت، ئەبێت غەیبەت کردنی زانایان چەندێك گەوترەترو تاوانتربێت؟

**بۆیە بە گشتی لەکەدار کردن و غەیبەت کردنی زانایان چەندین ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، لەوانە:**

١. غەیبەت کردن و ناشرین کردنی زانایان دەبێتە وەرنەگرتنی ئەو حەق و ڕاستیەی کە دەیڵێن، بریندار کردن وغەیبەت کردنی زانایان وەك بریندارکرنی کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو کاریگەری زیاترو زۆرترە وە ناشرین کردن و بریندار کرنی ئەو حەق و ڕاستیەیە کە لایانە.

٢. زانایان میرات گری پێغەمبەری خوان (ﷺ) بۆیە لەکەدار کردن و غەیبەت کردنیان لەکەدار کردن و بێ ڕێزییە بەرامبەر بەو زانیارییەی کە لە پێغەمبەری خواوە وەریان گرتووە، وە ئازاردانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) هەروەك **ابن عباس** (رضي الله عنه) فەرمویەتی:(مَن آذَى فَقِيهاً فَقَد آذَى رَسولَ اللهِ ﷺ، وَمَن آذَى رَسولَ اللهِ ﷺ فَقَد آذَى اللهَ عَزَّ وَجَل)[1] واتا: هەرکەسێك ئازاری زانایەك بدات ئەوە ئازاری پێغەمبەری خوای (ﷺ) داوە، وەهەرکەسێك ئازاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بدات ئەوە ئازاری خوا گەورەی داوە (کارێکی کردووە کە خوای گەورە پێی ناخۆشە).

٣. غەیبەت کردن و باس کرنی زانایان بە خراپە دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوەی فێرخوازانی زانستی شەریعەت لێیان، بۆیە لەو کاتەدا قوتابیانی زانست خواز بەردەوام دەبن لەسەر ڕێگەی خۆیان بێ ڕێنمونی کارێکی دڵسۆزو خەم خۆر، وە توشی چەندەها هەڵەو پێ هەڵخلیسکان دەبن، بــــۆ؟ لەبەر ئەوەی کەسانێك بە نەشارەزایی و ڕق وکینەیان بەرامبەر بەزانایان هەڵدەکوتنە سەریان لەکەداریان دەکەن و لەبەرچاوی خەڵکیان دەخەن، ئەوکاتە خەڵکی وەکو ڕانە مەڕی بێ شوان پەرت و بڵاودەبن و چەندەها بۆچونی جیاواز دروست دەبێت ، هەموی بە قسەو لەخوانەترسانی کەسانێکی سەر گەرم و تازە پێگەیشتوو، کە هەندێك جار قسەی وا دەکات و فەتوای وا دەدات زانایان ناوێرن بەو بوێرییە فەتوا بدەن، کەسانێك سوێند بە خوای گەورە پێ دەچێت شارەزاییان نەبێت لە مانای (لا إله إلاّ الله) کە بنەڕەت و بنچینەی ئیمانە، وە شارەزاییان نەبێت لە زمانی عەرەبی کە گەورەترین هۆکارە بۆ تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت بە شێوەی ڕاست و دروست کەچی هەڵدەکوتنە سەر زانایان و لە خوا ترسان، زانایەك کە دەیان ساڵ بگرە زیاتر تێکۆشاوە و شەو نخونی و ماندوو بونی بینیوە، تابگاتەڕادەیەك خەم خۆری تۆ بێت و لە گەورەیی خوای گەورە و سزای دۆزەخ ئاگادارت بکاتەوە، کاتێك غەیبەتی دەکەیت، ئایا تۆ شارەزا تری لەو؟ نا سوێند بە خوای گەورە، تۆ لەو خەم خۆر تری بۆ موسوڵمانان؟ بە گومانی خۆت بەڵێ ، بەڵام سوێند بە خوای گەورە نەخێر، بۆیە موسڵمانی خۆشەویست گۆشتی زانایان مەخۆن (غەیبەتیان مەکەن)، چونکە (لحوم العلماء مسمومة) واتا: خواردنی گۆشتی زانایان ژەهراوییە، بۆیە هەرکەسێك بەر ببێتە گیان زانایانی ڕاستەقینە و غەیبەتیان بکات و تانەو تەشەرەیان لێ بدات با بێ گومان بێت وەکو کەسێکە خۆی ژەهر خواردوو کردوەو خۆی لە ناو بردووە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوەو دەکرێت: ئەگەر زانایەك هەڵەیەکی کردبوو یان زیاتر ئایا باس کرنی غەیبەتە یان نا؟

---

[1] الترغيب في فضائل الأعمال وثواب ذلك ٣١٦/١ ، والفقيه والمتفقه للبغدادي ١٤٠/١ .

وەڵام: موسوڵمانی خۆشەویست خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین قسەی هیچ کەسێك نەخەینە پێش قسەی خواو پێغەمبەری خواوە(ﷺ)، هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ١﴾ (الحجرات:١) واتا: ئەی ئیمانداران قسەی هیچ کەسێك مەخەنە پێش قسەی خواو پێغەمبەری خواوە (ﷺ)، تەقوای خواتان هەبێت و لە خوای گەورە بترسن، خوای گەورە بیسەرو زانایە.

دروست نییە بە هیچ شێوەیەك بۆچون و قسەی هیچ کەسێك بخەیتە پێش قسەی خواو پێغەمبەری خواوە(ﷺ) ئەگەر خۆت بە ئیماندار ئەزانیت، بۆیە کاتێك فەتوای زانایەکت بینی پێچەوانەی فەرمودەی خوای گەورە و پێغەمبەری خوایە (ﷺ) وەری ناگریت و کاری پێناکەیت بەڵکو لە هەمان کاتدا نەك غەیبەت نیە بەڵکو پێویست و واجبە کە خەڵکی ئاگادار بکەیتەوە لەو هەڵەیە بە لێزانی و لە سەر خۆیی، چونکە گەر هەر بڵێین فلان کەس ئاوها و ئاوها زاناو شارەزایەو چاو پۆشی لە هەڵەکانی بکرێت ئەو کاتە بەتەواوی شەرعی خوای گەورە دەگۆرێت، لە جیاتی یەکخوا پەرستی هاوەڵ بریاردان بۆ خوای گەورە بڵاو دەبێتەوە، چونکە لەناو بەناو زانایان و مامۆستایان هەیە هاوارکردن بۆ جگە لە خوای گەورە بە دروست دەزانێت لە کاتێکدا گەورەترین تاوان و شیرکە، گەر لایەنی هەڵەی ئەو کەسانە ڕون نەکرێتەوە ئەوە بێگومان خەڵکی بە هۆی بەناو زاناو مامۆستای شوێنیان دەکەون وسەریان لێ دەشێوێت، یان گەر لایەنی هەڵەی ئەو کەسانە ڕون نەکرێنەوە ئەو کاتە لە شوێنی سوننەت بیدعەو شتی پڕو پوچ بڵاو دەبێتەوە، بەڵی کەسانێك هەرچەندە پێیان بوترێت زاناو شارەزا گەر بنەمای جیا کرنەوەی سوننەتیان لە بیدعە نەبێت، ئەوە بێ گومان بیدعە دەکەن و خەڵکیش لە سوننەت دور دەخەنەوەو لەسەر بیدعە پەروەردەیان دەکەن، بۆیە زانایەك ئیجتیهادی کردووە و حەقی نە پێکاوە تێیدا هەڵەکەی ڕون دەکرێتەوە بە دڵسۆزی و ڕێز گرتنی تەواو لە زاناکە، بەڵام کەسانی نەشارەزاو بیدعە چی پێویستە باس بکرێن و پەردە لە ڕوی بیدعەکانیان هەڵبماڵدرێت، تا دینی خوای گەورە بە پوخت و پاکی و دوور لە شتی پڕو پوچ لە ناو خەڵکیدا بڵاو ببێتەوە، وە کەسانێك بەنەزانی یان کەسانێك بە مەبەستی خراپیان نەتوانن سوننەتی پاك و پیرۆزی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بگۆرن.

٤. لەکەدارکردنی زانایان و غەیبەت کردنیان بێ نرخ کردنیانە لەبەر چاوی خەڵکی، وە نەمانی شان و شەوکەت و ڕێزیانە لە دڵیاندا، کە ئەمەش دوژمنانی ئیسلام دڵخۆش دەکات، هەر بۆیە لەزۆربەی ووڵاتە ئیسلامیەکاندا زانایان بێ ڕێزو بێ نرخ کراون، چونکە کەسانی نا شایستە زانایانیان بێ ڕێزو بێ نرخ کردووە لەبەر چاوی خەڵکی.

٥. هاتنە دی ئاواتەکانی دوژمن هەر هەموی بە هۆی بێ ڕێز کردنی زانایان غەیبەت کردنیانە.

بەڵام لێرەدا دەبێت ئاگاداری خاڵێك بین کە زانایان قسەیان لەسەر کردووە و موسوڵمانانیان لێ ئاگادار کردووەتەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێك دەوترێت غەیبەت کردنی زانایان تاوانی زیاترە لە

غەیبەتی کەسانی سادە، ئایا زانایان گەر هەڵەشیان هەبێت نابێت باسی هەڵەکانیان بکرێت؟ یان باس کردنی هەڵەکانیان پێویستە و دەبێت ڕون بکرێتەوە ؟

ئیمامی البربهاري (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێ ت: بزانە کە پێ هەڵخلیسکان و دەرچوون لە ڕێگای ڕاست بە دوو شێوەیە:

**یەکەم:** پیاوێك (زانایەك) ڕێگای ڕاستی هەڵەی کردووە، لە کاتێکدا تەنها مەبەستی حەق بووە، لەم کاتەدا چەندێك ئەو زاناو پیاوچاکە هیچ مەبەستێکی نەبووە تەنها خێرۆ چاکە نەبێت، بۆیە نابێت شوێنی هەڵەکەی بکەوین، چونکە ئەو کەسەی شوێنی هەڵەی زانایان دەکەوێت و دەش زانێت هەڵەیە کەسێکی لە ناو چووە.

**دووەم:** کەسێك نکۆڵی لە حەق و ڕاستی دەکات و پێچەوانەی زانایان وپیاو چاکانی لە خوا ترسی پێشینی خۆی دەجولێتەوە، ئەوە کەسێکی گومڕاو سەرلێشێواوەو سەر لە خەڵکیش دەشێوێنێت، شەیتانێکی لە ڕێ دەرچوی ئەم ئوممەتەیە، بۆیە هەرکەسێك بیناسێ و شارەزای حاڵی بێت پێویستە موسڵمانانی لێ ئاگادار بکاتەوە و باسی حاڵی بکات بۆیان، تا موسڵمانان نەکەونە بیدعە و سەر لێشێواویەکەیەو لە ناو بچن [1].

بزانە (ڕەحمەتی خوات لێبێت) ئیسلامەتی هیچ بەندەیەك تەواوو دروست نییە تا کەسێکی شوێن کەوتوی ڕاستەقینەی پێغەمبەر نەبێت و ڕاستگۆ و موسوڵمانێکی تەواو نەبێت، وە هەرکەسێك گومانی وابێت شتێك ماوە لە ئیسلامدا و هاوەڵانی پێغەمبەر پێیان نەگەیاندووین ئەوە کەسێکە هاوەڵانی پێغەمبەری بەدرۆ خستۆتەوە، بەسە بەو قسەیەی کە دەیکات ببێتە پارچە پارچەیی و تانە و تەشەنە دانەلە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەو کەسەی کەوا دەڵێت کەسێکی گومڕاو سەر لێشێواوە و سەر لە خەڵکیش دەشێوێنێت ، کارێکی هێناوەتە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە کە خۆی تێیدا نەبووە[1].

وە بڕوانە و سەیر بکە هەموو ئەو قسانەی کە دەیبیستیت لە کەسانی سەردەمی خۆت، پەلە مەکەو هیچ کارێك مەکە لە خۆتەوە، تا پرسیار دەکەیت و سەیر دەکەیت: ئەوەی کە دەوترێت و دەیبیستیت لە کەسانی سەردەمی خۆت، ئایا هاوەلانی پێغەمبەر (ﷺ) یان یەکێك لە زانایان ووتویانە؟ ئەگەر شتێکت بەدی کرد لە بۆ چون و قسەی هاوەلانی پێغەمبەر (ﷺ) و زانایاندا دەستی پێوە بگرە و لێی دەرمەچۆ، وە هیچ قسەو بۆ چونێك مەدە بەسەر قسەکانیاندا، چونکە ئاگری دۆزەخ دەتگرێت[2].

---

[1] شرح السنة للعلامة المحدث الإمام البربهاري (ص ٢)

[1] جامع بيان العلم لإبن عبدالبر (ص ١٨١٠)

[2] شرح السنة للعلامة المحدث الإمام البربهاري (ص ٢)

وە بزانە ئەوەی کە کۆمەڵی موسوڵمانانی لەسەر بنیات بنرێت تەنها هاوەڵانی پێغەمبەرن (ﷺ) کە ئەوان بە ڕاستی ئەهلی سوننەو جەماعە بوون، بۆیە هەرکەسێك دینیان لێوەرنەگرێت بێ گومان کەسێکی سەر لێشێواو بیدعەچییە، وە هەموو بیدعەو تازەداهێنراوێك لە دیندا سەر لێشێواوییە، وە هەموو گومڕاو سەر لێشێواوێك لە ئاگری دۆزەخدایە، هەروەك ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) دەفەرموێت: هیچ کەسێك عوزری نییە شوێنی گومڕایی و سەرلێشێواوی بکەوێت وابزانێت ڕێنمونی و خێری تێدایە، هیچ کەسێك عوزری نییە واز لە سوننەت و ڕێنمونی بهێنێت و واگومان بەرێت کەسەرلێشێواوی تێدایە، هەموو کارێك ڕون بووەتەوە و حوججەو بەڵگە جێگیر بووە، وە عوزر بۆ هیچ کەسێك نەماوە.

**پرسیار: ئایا کاتێك باسی هەڵەی ( بیدعەی ) هەر کەسێك دەکرێت دەبێت باسی چاکەکانیشی بکرێت؟**

وەڵام: برای موسوڵمان گەر بە وردی چاوی ڕاستگۆی بڕوانیتە کتاب و نوسراوو فەتواکانی (إبن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بۆت دەردەکەوێت کە شێخی ئیسلام (إبن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کاتێك باسی هەر کۆمەڵێکی سەرلێشێواو دەرچو لە ڕێگای ڕاستی کردبێت، نابینیت باسی عیلم و چاکە و لە خوا ترسیانی کردبێت، چونکە گەر باسی عیلم و چاکەیان بکرێت ئەو کات دەبێتە دەعوە کردن بۆیان، بەڵکو لە چەندین نوسراو کتابیدا زۆر بە توندی ڕەددی ئەهلی بیدەع و سەرلێشێواوانی داوەتەوە، بۆیە زۆری لەسەریان نوسیوە وەك لەم کتابانەیدا بەرچاوت دەکەوێت:(درأ تعارض العقل والنقل )، (بيان تلبيس الجهمية)، (منهاج السنة النبوية) کەوا زیاتر ڕەددی شیعەیە، (الحموية)، (الواسطية)، (التدمرية)، (التوسل والوسيلة)، (الرد على البكري)، (الرد على الأخنائي)، وە جگە لەمانەش کە جیهادی گەورەی (إبن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت بووە لە ڕەددانەوەی ئەهلی بیدەع، لە گەڵ کردنی جیهاد بە دەست و لاشەی.

هەروەك دەفەرموێت: ئەو کەسەی ڕەددی ئەهلی بیدەع و سەرلێشێواوان دەداتەوە کەسێکی موجاهیدو تێکۆشەرە، هەتا (يحيى کوڕی يحيى) فەرموویەتی: پارێزگاری کردنی سوننەت و دیفاع کردن لێی گەلێك باشترە لە جیهاد.(١)

وە هەروەها گەر بڕوانیتە فەتوای گەورە زانایانی وەك (شێخ إبن باز، شێخ ألباني، شێخ صالح الفوزان، شێخ عبدالعزيز المحمد السلمان) و زانایانی تری شوێن کەوتوی مەنهەجی سەلەفی ساڵح، بۆت دەردەکەوێت کاتێك باسی بیدعەی کەسانی بیدعەچیان کردووە باسی عیلم و چاکەیانیان نەکردووە، چونکە باس کردنی چاکەکانیان بانگەواز کردنە بۆ بیدعەکەیان وە پێویست ناکات (منهج الموازنه) واتە (واتا کاتێك باسی بیدعە و خراپەیان بکرێت باسی چاکەکانیشیان بکرێت) بەکاربهێنرێت (٢).

والسلام عليكم

---

(١) نقض المنطق لشيخ الإسلام إبن تيمية (رحمه الله) ص١٢ .

(٢) بروانە پێشەکی کتابی (منهج أهل السنة والجماعة في نقد الرّجال والكتب والطوائف)، کە دانراوی شێخ ربيع بن هادي عمير المدخلي .